یەکەم کاروانی نەوتی سپیی عێراق گەیشتە هەرێمی کوردستان

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رایگەیاند، کاروانی یەکەمی نەوتی سپی لە وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵەوە گەیشتە پاریزگای هەولێر.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٥ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رایگەیاند، کاروانی یەکەمی نەوتی سپی لە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە گەیشتە پاریزگای هەولێر و بەیارە لەم دوو رۆژەدا بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بنێردرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، نەوتەکە هەفتەی داهاتوو بەسەر خەزانەکانی هەرێم لە ناوچە شاخاویەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دابەش دەکرێت.

باسی لەوەشکرد، وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ رەزامەندیی لەسەر ١٩٪ی پشکی هەرێم لە نەوتی سپی داوە.